**کورد و کێشەی سوریا**

**کوردەکان بۆچی دودڵن**

**ڕەفتاری تورکیا لەگەڵ کوردەکانی خۆی،**

**کوردەکان لەوە دەسڵەمێنێتەوە، پشتیوانی لە نەیارانی ئەسەد بکەن.**

ڕۆژنامەی تاتس (6.10.2012 online)

**بێنیامین هیللەر**

**ڕەحیم بەهرام زادە لە ئاڵمانییەوە کردوویە بە کوردی**

کوردەکان لەگەڵ ئەسەدیش نین. دوورنییە پەرەسەندنی گرژی نێوان تورکیا و سوریا کوردەکانیش بکێشێتە گێژاوی توند و تیژییەوە. ئەو ڕووداوەی وا شەوێ سێشەممەی ڕابردوو قەوما و سەرنجی مێدیای نێونەتەوەیی ڕانەکێشا. „ ئەوان لە هیچ و خۆڕایی تەقەیان لە ئێمە کرد“ ئەمە وتەی یەکێ لە ئەندامانی „یەکییەتی پاراستنی گەل YPG“ە. ئەوە ڕێکخراوێکی میلیشیایە، کە لە مانگی جولای دامەزراوە و بەشێکی زۆر لە خاکی باکوری سوریای خستووەتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. „کاتێ سەربازە تورکەکان تەقەیەیان لە ئێمە کرد، ئێمە خەریکی جەولە لە 'تیل لیلۆن'بووین. 'هۆگر بەشیر' ی برادەرم شەهید بوو دوو کەسی دیکەش بە توندی بریندار بوون. بەختەوەرانە برینی من سووکە.“ هۆی سەرەکی ڕووداوەکە ئەو شەڕەیە کە لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا لە نێوان سپای ترک و پارتیزانەکانی پ. ک. ک. دا درێژەی هەیە. بەشێکی زۆر لە سنوورەکانی عێراق و سوریا کەم و زۆر لە بن دەستی پ. ک. ک. دایە.

ئەوانە توندترین شەڕن دوای ساڵانی 1990. ڕاست لەو کاتەدا کوردەکانی سوریا هەلیان بۆخۆیان قۆستوتەوە و بەرەی سهێەمیان لە نێوان سپای ڕزگاریدەری سوریا (SFA) و ڕژێمی سوریا کردووەتەوە. کورد دژی ڕژێمی ئەسەدن، بەڵام SFA لە لایەن تورکیاوە یارمەتی پێدەکری. جگە لەوە، کوردە سیکۆلارەکانی سوریا بە دەمارگرژی ئایینی ئەو گرووپە، تووشی سەرئێشە دەبن. ئەگەر کوردەکان پشتیوانی لە ئۆپۆزیسۆن بکەن ئەوە ڕژێمی ئەسەد خۆی بۆ ڕاناگیرێت. سەرەڕای بانگەوازی کوردەکانی سوریا بۆ تورکیا، کە ئەوان بە دوژمن نەزانن و بە شێوەی باکوری عێراق حیسابی شەریکی جێی باوەڕی بازرگانییان بۆ بکاتەوە، تورکیا ڕێگای توند و تیژی گرتووەتە بەر.